# ( شەرم ) هۆنراوەی شاڵاو

من لێرەوە
کە ئێواران تاریک دادێ
وەک هۆنراوەیەکی زۆر بێزار
دەهۆنمەوە
لێوی دەریاو دارستانی ئەم وولاتە
هەرچەند ئێرە خۆر ئاوایە
چەندین دەریا لە نێوانمان
وای لێ کردین
لە یەکتری گەڵێک دوور بین
بەلاَم دڵم هەر لە لاتە
هەموو ڕۆژێ شەختە پەنجەم
دەتەزێنێ
بەفر سەرم سپی دەکا
بەلاَم تەنها یەک یادگاری
یەک بزەی پڕ خۆشەویستی
وولاَتی خۆم
هەموو گیانم گەرم دەکا
لەم وولاَتە زۆر دڵگرە
کچی زەردوسۆرو سپی
هێندە زۆرن وەک فریشتەن
بەلاَم دڵم
هەر لای کچێکی ئەو بەرە
کاتێ کە ئەو شەرم دەکا...